# ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەچی

**گۆران فەتحی**



لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو پێشەیەك كە لەكۆمەڵگەدا هەیە، بەتایبەت ئەوانەی پاشگری (چی)یان پێوەیە وەكو چایچی و راوچی و پەنچەرچی و بویاخچی و هتد..ئەمانە شێوازی كاركردنن، هەرچەند نازانم پاشگری (چی) لەكوێوە هاتووە، بەڵام لەوە دەچێت توركی یان فارسی بێت و مابێتەوەو تێكەڵی زمانی كوردی و زمانی نەتەوەكانی تری ناوچەكە بووبێت.

ووشەی ڕۆژنامەنووس یان ڕۆژنامەوان بۆ ئەو كەسە بەكار دێت كەكاری نووسین لەڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا دەكات.. واتە ڕۆژنامە+نووس نەك ڕۆژنامە+چی...كەدواتر باسی لێوە دەكەم.

مەبەستم لەم بەراوردكاریەش ئەوەیە، لە هەرێمی كوردستان زۆری شتەكان بەشێوەی سروشتی و ڕێكۆپێك گەشەی نەكردووە، هەر لەسەرەتای نەوەدەكان و تائێستاشی لەگەڵدا بێت، واتە دوای ڕاپەڕین و ڕزگاربوونی بەشێك لەكوردستانی عێراق. یەكێك لەو بوارانە كەبەشێوەیەكی ناسروشتی گەشەی كرد بواری ڕۆژنامەنووسی بوو..لەبەر ئەوەی پێشینیەكی بەربڵاوی ڕۆنامەنووسی كوردی نەبوو پێش ڕاپەڕین، ئەزموونی پێش نەوەدەكان نەوەیەك بوون لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی سەركوتكەرو پێش لەوەش كاریان كردبوو، كەئەوەش نەدەگونجا بۆ سەردەمی دوای ئازادبوون، نەوەی دواتریش واتە نەوەی ئازادی، خیبرەو شارەزایی باشیان نەبوو..ئیتر ئەوەبوو زۆر لەڕۆشنبیران بەشێوەیەكی هەڕەمەكی ئەو كارەیان دەستپێكردو سەرەتا ڕۆژنامەی حزبی لەدایك بوو..كەلەگەڵ خۆیدا یەكەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی كوردی هێنایە ئاراوە، تاكە ڕێگەش بۆ نووسەرو ڕۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی بتوانن بیرۆڕاكانیان بلاو بكەنەوە، ئەوە دامەزراندن بوو لەو كەناڵە حزبیانە، یان نووسین بوو بۆ ئەو كەناڵە حزبیانە، ئەویش بەشێوەیەكی بەرتەسك، چونكە ڕۆژنامەكان یان حزبی یان حكومی بوون و ڕێگەی هەموو جۆرە نوسینێكیان نەئەدا.

دوای دە ساڵ لەو مێژووە، ئێنجا ڕۆژنامەی ئەهلی و سەربەخۆ پەیدا بوو، كەسەرەتا هاوڵاتی و دواتر ئاوێنەو چەندین ڕۆژنامەی ئەهلی و ئازادی تری بەدوادا هات..ئەمەش ڕێگای واڵاكرد بۆ كۆمەڵێ ڕۆژنامەنووسی ئازاد كەبەشێوەیەكی ئازادانە بتوانن بیروبۆچوونەكانیان لەسەر ڕووپەڕی ئەو ڕۆژنامانە بڵاوبكەنەوە.

كرۆكی بابەتەكە لێرەدا باس دەكەم، ڕۆژنامەنووس لەكوردستاندا لەسەدا حەفتاو پێنجی ئەگەر زیاتریش نەبێت، تەنها وەكو پیشە كاری ڕۆژنامەوانی دەكەن، واتا وەكو مووچە سەیری دەكەن نەك وەكو حەزێك یان بەهرەیەك، ئەو بەناو ڕۆژنامەنووسانەش زۆربەیان بەناهەق و بەڕێگەی ناشەرعی پۆست و ناویان بۆ دروست كراوەو زۆریان لەڕێگەی پردی حزب و هەروەها ماستاوچێتی گەیشتوون بەو جێ و ڕێگەیەی ئێستا لێیدان.

سەیرەكە ئەوەیە هەندێ لەو ڕۆژنامەچیانە كەتەنها كار بۆ پارەو پۆست و ناو دەكەن، ئەلف و بێی ڕۆژنامەگەری نازانن و هیچ باگگراوندێكی ڕوشنبیریشیان نییە، بۆ نموونە، كابرایەك هیچ زمانێكی تر لەپاڵ زمانی كوردیدا نازانیت، یان لەوە دەچێت كەمێكی لێ تێ بگات، كەچی بابەت و لێكۆڵینەوەو تەنها كتێبیشی بۆ لەچاپ دەدرێت بەو زمانانە، یان وەرگێران كەلەزمانی تری وەكو عەرەبی و فارسی و توركی گوایە وەرگێراوەو زۆری تری لەو شێوەیەش..ئیتر ئەبێت نووسین و كتێبی ئەوانە چۆن چۆنیەك بێت..هەمان ئەم ڕۆژنامەچیانە كاتێك باس لەمەسەلەیەك دەكرێت، ئیتر لەكۆڕ یان كۆبوونەوەو دانیشتنێك بێت، یەكسەر دینە گۆو بێ ئەوەی خۆشیان بزانن چی دەڵێن، بەرادەیەك هەم گریان و هەم پێكەنینت پێیان دێت..لەهەمووی خۆشتر دەبینی خودی ئەو ڕۆژنامەچیانە، كە ماستاوچی و گەندەڵ و یان خۆفرۆشیش بوونە، كەچی لەسەر هەمان ئەو شتانە دەنوسن و خۆیانمان لێ دەكەن بەشامی شەریف. ئەوەی جێگەی نیگەرانیە، ئەم شێوە كەسانە لەزۆربەی دەزگا ڕاگەیاندنە حزبی و حكومی و تەنها ئەهلیەكانیشدا دەبینرێن و پۆستیشیان بەدەستەوەیە..ئەمەش ئەوە دەردەخات كەئەمانە زادەی ئەو سەقەتی و بێ سەروبەرییەن كە لەكوردستاندا هەیە، كوردستانێك نگرۆ لەگەندەڵی و مشەخۆری و بێ ئیدارەیی، كوردستانێك سەركردەكانی لەجیاتی خزمەتكردنی ئەو خەڵكانەی هەڵیان بژاردوون، تەنها خزمەت و بەخۆو كەسوكاری خۆیان دەكەن و گیرفانی خۆیان پڕ دەكەن..لەم كۆمەڵگەیەدا ڕۆژنامەنووسی بێ هەڵوێست و گەندەڵ دروست دەبێت و پاڵپشتیشی لێ دەكرێت و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیری بەهەڵوێست پشتگوێ دەخرێت..لەكۆتاییدا دەڵێین بژی ڕۆژنامەچی و بمرێ ڕۆژنامەنووس.